## پەیامی خەڵک

هەندێك لەپاسەکانی گەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێر لەجیاتی 21 نەفەر، زیاتر لە30 نەفەر بار دەکەن‌و هێشتاش هەر بۆ ڕێبواران رادەگرن‌و دەڵێن جێگە زۆرە. بەو گەرمای هاوینە هیچ پێوانەیەك بۆ خەڵك ناکەن، بەس بیر لەکرێ دەکەنەوە، باشە بۆ کەس لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکات

**ئەلەند مزەفەر**

شوقەکانی راپەڕین ئەگەر پرۆژە تایبەتیەکان لەدیاری کردنی ئەو بڕە پارەیەی کەدیاریان کردووە بۆ قیستەکەیان، کەمی نەکەنەوە، ئەوە بەوتەی سوودمەند کەس سوودمەند نابێ، چونکە بۆ هەر شوقەیەك (4) دەفتەر دۆلار دەکەوێت

**ف. فاتیح**

دانیشتووانی گەڕەکی شەکرەکە بەئاواتی بینینی سەیارەی خۆڵەکەوەن کە بووە بەئەستێرەی سیوەیل لێیان، هەرکاتێکیش کە سەیارەی خۆڵەکە دێت تەنەکەی خۆڵەکانیش لەگەڵ خۆی راپێچی ناو سەیارەکە دەکات‌و کە خەڵك رۆژانە بۆ پاشماوەی پیسی ماڵەکانیان بەکاری دەهێنن.

**فرمان عەبدوڵڵا**

شۆستەکانی شار نە بەهاوین سوودی هەیە بۆ خەڵکی تا گەرمای بەگوڕ لێیان نەدات، نە بەزستانیش دەمانپارێزی لەقوڕو چڵپاو. بۆیە هەر لەوکاتەی کە دەچیتە دەرەوە تا دەگەیتەوە ماڵێ. وەکو ئەوە وایە چووبێیتیە کرێکاری. لەبەر دروست کردنی خانووی تازە یان نوێکردنەوەی خانوو، رووکردنی پێداویستیەکانی بیناسازی وەکو: چەو، لم دەبێتە هۆی داگیرکردنی هەموو شۆستەو جادەکان، دواجار دەبێتە ناشیرینکردنی سیمای شارو کۆڵانەکان.

**ش. عەبدوڵڵا**

# وێنەکان رابردوو دەگێڕنەوە

**شاناز**



مرۆڤ بەردەوام لەهەوڵی ململانێ کردنە لەگەڵ ژیاندا، بۆ بژێوی‌و خۆش گوزەرانی بۆ خۆی‌و خێزانەکەی. هەریەکە لەمرۆڤەکان، پیشەکانیان جیاوازە لەپێگەیاندنی خوێندن‌و خوێندکارانەوە بەهەموو ئاستەکانیانەوە، یاخود بازرگانی‌و پیشەسازی‌و هاتووچۆ، هەموو جۆرە کارو پیشەیەکی، لەهەوڵدان بۆ بژێوی ژیان. هەریەکە نرخی تایبەتی پیشەکەی خۆی هەیە، لەگران‌و هەرزانی، یاخود نرخی گونجاو. لێرەدا باس لەگرانی نرخی وێنەگرەکان دەکەین، لەناو هۆڵەکانی بۆنەو ئاهەنگەکان کە نرخی تەنها وێنەیەك بەکامێرای فۆتۆ، لەبنەڕەتدا تەنها (250) دیناری چاپی نوێیە، کەمتریشی تێدەچێ، بەڵام هەمان وێنەیە لەهۆڵەکان‌و باخچەو بۆنە تایبەتیەکان‌و شوێنە گشتیەکان، دەگیرێن نرخەکەی (2000– 2250) دیناری چاپی نوێیە. ئایا هۆی ئەم جیاوازیە زۆرە لەچی دابێت؟ ئایا هەمان فلیم‌و کامێراو شۆردنەوە نیە، ئاخۆ وێنەکانی ئەوان جوڵەیان تێدابێت، یاخود دەنگ‌و بۆنی تایبەتی لەگەڵ دابێت.

هەربۆ ئەم مەبەستە پرسیارمان لەچەند وێنەگرێك کرد.

**پرسیار: بۆچی لەناو هۆڵەکان‌و بۆنەو ئاهەنگەکاندا نرخی وێنەکان گرانە؟، ئەگەر کەسێک چەند وێنەیەک بگرێت بەهەمان نرخ بۆی دادەنێیت؟ وە ئەگەر کەسێک کامێرای فۆتۆی پێ بێت وێنەبگرێت هەڵوێستی ئێوە چۆنە لەوکاتەدا.**

**وێنەگری زیلان:** نرخی وێنەکان لەهۆڵەکاندا بەرزە، بەهۆی ئەوەی خاوەنی هۆڵەکان ساڵانە هۆڵەکان بەکرێیەکی زۆر دەدەنە کرێ، وێنەگرەکانیش جگەلەوەی لەهەموو ئاهەنگێك کرێ لەوێنەگرەکە وەردەگرن، وێنەگرەکان ناچارن بەگران وێنە بۆ خەڵك بگرن، هەموو وێنەکان بەیەك نرخ دادەنرێن‌و کەمتری نیە، چونکە ئەویش کرێ دەدا. هەروەها بەگوێرەی نرخی هۆڵەکەش، نرخی وێنەکان بەرزو نزمی بەخۆوە دەبینێ. ئەگەر کەسێك کامێرای پێ بوو هەرگیز رێگەی پێنادەین وێنەبگرێ. چونکە ئێمە ئەو هۆڵەمان بەکرێ گرتووە.

کەواتە ئەوەی کامێرای لەلابێت زەرەر لەئێمە دەدات رزقی ئێمە دەبڕێ، ئەوکاتە ئەوانەی وێنەلای ئێمە دەگرن، دەچنە لای ئەو ئاخۆ تەنها، وێنەیەکیش بێ.

**وێنەگری شەمێران:** بۆیە نرخەکان گرانن، ئەو وێنەگرە ئەو هۆڵەی بەکرێ گرتووە. ئیتر موڵکی خۆیەتی، چونکە ئەویش بەگران بەکرێی گرتووە. ئەگەر وانەبێ زەرەرمەند دەبێ. ئەگەر کەسێك وێنە زۆر بگرێ نرخەکەی بۆ کەم دەکەمەوەو یارمەتی دەدەم، زۆرجار وێنەیەکی بەدیاری بۆ دەگرم. لەناو هۆڵەکە نابێ کەس کامێرای لە لابێ‌و وێنەبگرێ، چونکە وێنەگرەکە زەرەرمەند دەبێ. لەبەرئەوەی وێنەگرەکە پارەیەکی زۆری داوەتە کرێ بەخاوەن هۆڵەکە، ئەگەر ئینکاری بکەن دەتوانین شکات بکەین لەو کەسە.

کەسەکان بەتەمەنی منداڵی‌و گەنجی‌و پیریدا تێدەپەڕن، بەڵام زۆر لەمرۆڤەکان ناگەنە تەمەنی پیری، لەگەنجی‌دا، یاخود هەر لەمنداڵیدا کۆتایی بەژیانیان دێت، شێوەو روخساری مرۆڤەکان تەنها لەوێنەکاندا دەمێننەوە. وێنە تۆمارکراوەکانی سەرچاو تەنها ماوەیەکی کاتیە، زۆرجار چەند ساتێك دەخایەنێت لەچاودا نامێنێتەوە. هەروەها تەنها بەوێنە روخسارو شێوەی کەسەکە دەمێنێتەوە، لەتەمەنی منداڵی‌و گەورەبوون‌و پیری کۆتایی. یاخود مرۆڤەکان لەهەرکاتێکی ژیاندا، جوان بوون‌و شێوەیەکی تریان هەبووە، بەڵام بەهۆی کارەساتێکەوە کەسەکە گۆڕاوەو تێك چووە. لێرەدا تەنها بەوێنەکان شێوەی ئەو کەسە وەردەگیرێتەوە. یاخود ئەو وێنەیە دەبێتە دڵخۆشیکەرێك، بۆ ئەو کەسەو رابردووی دێنێتەوە یاد. هەروەها لەجیهانداو لەوڵاتی ئێمەدا وڵاتی قەزاو قەدەر، ناخۆشی‌و مەرگەسات بەرەوڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە. چەندین منداڵ بێ ناز کەوتوون، چەندین دایکان‌و باوکان جگەرسووتاوبوون، چەندین ژن بێوەژن بوون. لێرەدا تەنها وێنەکان سەبوورین بۆ دڵە پڕ ژان‌و ئازارەکان. هەروەها بۆنەو ئاهەنگ‌و خۆشیەکان چەند ساتێکی کەمن بەسەر تەمەنی مرۆڤدا تێدەپەڕن، وێنەکان ئەوساتانەو خۆشیەکان‌و تام‌و چێژ دەگێڕنەوە بۆ داهاتوو، گوزارشت لەخۆشیەکان دەکەن. کاتێ دەچینە هۆڵی ئاهەنگ‌و بۆنەکانەوە، بەنووسراوێکی گەورە ئاماژە بۆ ئەوەکراوە کە بەهەموو شێوەیەك کامێرای فۆتۆ قەدەغەیە، جگە لەکامێرای فۆتۆی رێگەپێدراوی ناو هۆڵەکە. ئەگەر بتەوێت وێنەبگریت لەگەڵ بووك‌و زاوا، یاخود لەهەڵپەڕکێ یاخود بەتەنیا، یا بە هەرشێوەیەك بێت. دەبێ نیو سەعات پێشتر، کاکی وێنەگر ئاگادار بکەیتەوە تا ئامادە دەبێت دڵت دەتەقێ. کاتێ وێنەکەت بۆ دەگرێ، ئەگەر پارەکەت ئامادە نەبێت پسوڵەت بۆ ناکات، دەڵێ: بچۆ لەکەسێکی دیکە قەرز بکە لای ئێمە قەرزنیە. ئەگەر کامێرای خۆتت پێ بێ هەر زوو کاکی وێنەگر دێت، پێت دەڵێ ئەو کامێرایە لابە قەدەغەیە، ئەگەرنا ئاهەنگەکە رادەگرین، یاخود شکاتت لێدەکەین تۆ رزقی ئێمە دەبڕیت.

هاوڕێیەکم بۆی گێڕامەوە، گوتی: لەئاهەنگی ژن هێنانی براکەیدا. کامێرای پێ بووە، زوو زوو وێنەی بووك‌و زاواو خێزانکەی خۆیانی پێ گرتووە. کوڕی وێنەگری ناو هۆڵەکە هات، بەتووڕەییەوە پێی وتم، وێنەگرتن قەدەغەیە. وتم: باشە چەند وێنەیەکی دیکە دەگرم، فلیمەکەی ناو کامێراکەم تەواو دەبێت. نەیهێشت، تەواوی بکەم هات بۆم، بەتووڕەییەوە وتی: دادە عەیب ناکەی، رزقی من دەبڕیت کامێراکەت بۆ بشکێنم بەسە تەواو دڵم تەقی. منیش لەتووڕەبوونەکەی ئەو زۆر ترسام، وتم کاکە دەڕۆمەوە بۆ هەندەران لەوێ دەیشۆمەوە. وتی: ئەگەر هەندەرانی وەرە بۆ لای من وێنەت بۆ دەگرم.

هەر بەمەبەستی ڕازی خەڵك بەرامبەر بەوێنەگرەکان‌و گرانی وێنەگرتن لەناو هۆڵەکاندا پرسیارمان ئاراستەی ئەم بەڕێزانە کرد.

**پرسیار: هەڵوێستت چییە بەرامبەر گرانی وێنەگرتن لەناو هۆڵەکاندا؟، حەز دەکەیت کە چوویتە ئاهەنگێکەوە کامێرای خۆتت لەلابێت؟، بۆ ئەم مەبەستە چی بەوێنەگران دەڵێی؟.**

**سەنگەر عەلی:** کارێکی باش نیە کە نرخی وێنەکان وا گرانن، چونکە زۆرکەس ئارەزوو دەکەن وێنەبگرن، بەڵام لەبەر گرانی نرخەکەی ئەو ئارەزووەیان لەناو دەچێ. حەز دەکەم بۆ هەموو ئاهەنگێك کامێرای خۆمم پێ بێ، بەئارەزووی خۆم وێنەبگرم، یاخود هەندێ جار لەگەڵ خێزانەکەماندا، یاخود جۆرە وەستانێکە، حەز ناکەین لەبەرچاوی خەڵکی تر بووەستین. بۆیە حەز دەکەم بەئارەزووی خۆمان وێنەبگرین. بەوێنەگران دەڵێم، هیچ نەبێ کەمێك لەنرخی وێنەکان دابەزێنن.

**سێوە جوامێر:** زۆر ناڕازیم بەو شێوەیە کە وێنەگرەکان، نرخی وێنەکانیان بەجۆرێکی وا داناوە کە پێنج قاتی نرخی راستینی خۆیەتی. حەز دەکەم بۆ هەموو ئاهەنگێك کامێرای خۆمم لەلابێت، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆم وێنەبگرم، هەروەها کەمتری تێ دەچێت بۆ ئێمە، بەڵام بەداخەوە نایەڵن. بەوێنەگران دەڵێم: تۆزێ ویژدانیان هەبێ لەنرخەکاندا.

واپێویست دەکات بڵێین تەنها وێنەگرەکان تاوانبارنین لەبەرزدانانی نرخەکاندا، بەڵکو خاوەنی هۆڵەکانیش تاوانبارن، چونکە ساڵانە بەنرخێکی زۆر گران هۆڵەکانیان دەدەن بەکرێ بەوێنەگران. جگەلەوەش هەموو بۆنەو ئاهەنگێك، کرێ لەوێنەگرەکان وەردەگرن، زۆربەی هۆڵەکان نرخی کرێی ساڵانەیان لەنێوان (1–2) دەفتەر دۆلار دایە کە دەیدەن بەوێنەگرەکان، هەموو بۆنەکانیش 20 دۆلار کەمتر وەرناگرن. لەهەمان کاتیشدا خاوەن هۆڵەکان ئێستا فێری ئەوە بوونە کە کامێرای ڤیدیۆی خۆیان بۆ ئاهەنگەکان بەکاردێنن، خاوەن ئاهەنگەکە بۆی نیە کامێرای کرێ بهێنێ جگە لەکامێرای ناو هۆڵەکە. ئاخۆ ئەو وێنەگرە ساڵانە داهاتی وێنەگرتنی چەند بێ؟، تا ئەو کرێیە بۆ خاوەن هۆڵەکە دابین بکات کە زۆرجار بەهۆی مانگە پیرۆزەکانەوە وەك (رەمەزان، سەفەر) کە ئاهەنگی تیادا ناکرێ، یاخود لەهاویندا لەمانگی 8،7،6 دا ناو هۆڵەکان گەرمن بۆ ئاهەنگ دەچنە دەشت‌و باخچەکانەوە. وێنەگرەکانیش ناچارن کە کرێی وێنەکانیان بەنرخێکی گران لەسەر خەڵکی دابنێن، ئەمەش کە بەزەرەری هاوڵاتیان دەشکێتەوە. لێرەدا پێویستە حکومەت ئاوڕێك لەو بابەتە بداتەوە، خاوەن هۆڵەکان ئاگادار بکرێنەوە کە بەو نرخە زۆرە هۆڵەکان نەدەنەکرێ، تا ئەوانیش نرخی وێنەکانیان لەسەر هاوڵاتیان گران نەکەن‌و بۆ ئەوەی خەڵکیش لەهەموو بۆنەو ئاهەنگەکاندا وێنەو یادگاری خۆیان هەبێ، با مێژووی ژیانیان بەوێنە تۆمار بکەن.

# ژێرم نەوتەو ماڵم بێ غاز

**کوێستان جەلال**

پاش بوژاندنەوەی عێراق، رزگاری کردنی هەر چوار پارچەی عێراق خەڵکی رزگاری بوو لەدەست رژێمی بەعسی رووخاو، ئیتر لەناهەمەتی رزگارمان بوو، بەڵام بەداخەوە دەبێ هەتا دەمرین بڵێین ژێرمان نەوتو ماڵمان بێ غاز.! بۆ دەبێ کەسێکی بێگانە بێت‌و نەوت‌و غازەکەمان بەرێ‌و خۆشمان بێ غاز بین. ئێمە وەکو سەرچاوەی نەوت بەدەوڵەمەندترین، وڵات دەژمێردرێین لەوڵاتانی تردا، کەچی بەداخەوە عەقڵمان ئەوەندە تیا بەکارنەهێناوە تا بتوانین خۆمان بۆخۆمان ئیستیفادەی لێبکەین، حکومەتەکەشمان ئەوەندە بیروبۆچوونیان فراوان نییە تا بەسەر میللەتدا دابەشی بکەن، بەڵکو بۆ مادە ئامادەن نیشتیمانی پێ چۆڵ بکەن‌و بیدەنە دەست بێگانە.

بۆ نابێ چی تیایە ئەگەر ئێمەیش وەکو وڵاتە ئەوروپیەکان بەبۆڕی بەسەر شوقەو ماڵاندا دابەشی بکەن. لەنەوتو غاز، بۆ دەبێ بتڵی غاز بە (15000–2000) دینار بێت، راستە کرا بەسەرە، بەڵام ئەوەش هەر دابەشناکرێ. من وەکو وڵاتیەك تا ئێستا نە نەوتو نەغاز هیچ کامێکیانم نەبینی بێتە گەڕەکمان جگەلەوەی بەدەست ماچ کردن دەچین بەدوای تەنکەری نەوتدا تابێت، دابەشی بکات. ئێمە وەکو کورد بۆمان هەیە داوای مافی خۆمان بکەین. ئەمەیە ئازادی، ئەمە ئازادیەکەمان بوو کە گرانی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە، هەر کەسە بۆخۆی بەئارەزووی خۆی نرخی شتومەك زیاد بکات. لەنەوتو غازو هەموو کاڵاکانمان، من وەکو وڵاتیەك داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە رێگەچارەیەکی گونجاو بۆ هەموو کێشەکان بدۆزێتەوەو چاوێك بەژیان‌و گوزەرانی میللەتدا بخشێنێتەوە، ئاوڕێك لەماڵە هەژارەکان بداتەوە کە هەیە بتڵی غازی پڕ لەماڵی دانیەو بەم گەرمایە بەپەلەمێز کارەکانی ناو ماڵەوە ئەنجام دەدەن. ماڵی واش هەیە بەبەردەوامی لەهەموو پێداویستیەکانی ژیانیان ئامادەو لەبڕاندایە.

# کێ بەرپرسی تابلۆی راگەیاندنەکانە؟

## تکایە گۆڕانێك

**مامۆستا. شیلان**

وەك دەبینین لەرۆژگاری ئەمرۆدا گرنگیەکی زۆر دەدرێت بە ریکلام کردن، جا ئەم ریکلام کردنە هونەری بێت یان بازرگانی بێت یان هەر جۆرە ریکلامێکی دیکە کە لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە یان رۆژنامەکان کە ئاماژەیان پێدەکرێ. ئەم تابلۆی راگەیاندنانەی ئەمرۆ کە هەن بەشێکی زۆری دیوارو نێوەندی شەقامەکانیان داپۆشیوە، بەڵام وەك دەبینین کۆمەڵێك تابلۆ کە هەن دەبێتە جێی نارەزایی وڵاتیان‌و بێزاربوونی ئەو کەسانەی رۆژی چەند جارێك بەو شوێنانەدا تێدەپەڕن. ئێمە باس لەخراپ داکوتینیان ناکەن کە هەندێکجار بەشنە بایکی سلێمانی لار دەبنەوە.

دەبێت هەموو لەوە ئاگاداربین کە هەندێ تابلۆ هەیە ماوەیەکی زۆر بەسەر ریکلام کردنیادا تێدەپەڕێت‌و لانابرێت یان هەر لافیتەیەك دەبینین چەند رۆژێك زیاتر لەبەرواری بڵاوکردنەوەکەی تێپەڕیوە. بۆ نموونە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان کە تائێستاش ئاسەواری ماوە، ئێمەی خاوەن دەنگ وا خەریکە کاتی دەنگدانێکی دیکە نزیك دەبێتەوە، بەڵام تا ئێستا کۆنەکان لانەبراوە. یان کەسێك دەمرێ خێرا لافیتەیەکی رەشی بۆ هەڵدەواسن، بەڵام خەریکە چلەی نزیك دەبێتەوە هێشتا هەر با دەیشەکێنێتەوە، بە دیواری باخچەو پارکە گشتیەکانەوە. ئەمە بەناشیرینترین دیاردە دەزانین، وەك لەوەی بیەوێت جوانکاری شار لەرێگەی ئەم ریکلامانەوە بکات.

گەر رێت بکەوێتە شوێنی وەستانی پاس بەئارەزووی خۆت دەتوانی ریکلامە کۆنەکان لەمێشکتدا دووبارە بکەیتەوە تا کاکی سایەق پاس بۆت دەوستێ هەندێجار وا سەرقاڵت دەکات ئەو پاسەی کە تۆ پێویستیت پێیەتی چەند جارێك تیپێدەپەڕێت، بەڵام تۆ هەر لەشوێنی خۆتی جا بۆیە دەڵێین کێ بەرپرسە لە تابلۆی راگەیاندنەکان؟ تکایە گۆڕانێك

Revan_95@hotmail.com